? Kurdistan Net
Signature Not Verified
Digitally signed by Kurdistan Net
DN: cn=Kurdistan Net, o=www.kurdistannet.org, c=NL
Date: 2002.07.13 01:39:25 +01'00'

# ئاوازەکانی وەهم

کەریم دەشتی

ئێمە تەنهاترین ئاوازی بەشەری بووین و کلۆڵترین رۆحی سوتاوبووین بەسەفەری سنورە زۆرزۆر دوورەکانی خەیاڵ، ئەوسنورە دوورانەی کە بەتەنها لەناو وەهمە رەنگاورەنگەکانی زەیندا هەن و هەرگیزپێی مرۆڤیان ناگاتێ، بەڵام ئێمە بەراستی چوینەوە سەریان و قەدەرمان وەك کچێکی قەیرە دواند بێئاگا لە هەموو هۆبەندەکانی بەختەوەری و پڕمەیل لەهەموو ئەو هێڵە نادیارانەی کەئێمەیان بەشەونمی پرسیارەوە بەندکردبوو،هەندێجار هەمووما‌ن لەناو ئەم هێڵە نادیارانەدا ووندەبووین و دەبووین بە بەشێك لەوان ،وەك ئەوەمان لێدەهات کە هەرگیز بەسەرزەویدا گوزەرێکمان نەکردبێ ، ئەو کە ئێمەی جێهێشت بولێڵ بوو کزەباییێکی گوێزانی وای دەهات ئێمە هەمووما‌ن دڵنیابووین کە لەدۆزەخەوە دەهات ،چەنکە ئێمە دەمانزانی هەرگیز بەهەشتێك لەسەرزەویدا نەماوەو مانەوەمان بێ هەوڵ و تەقەلاکان لەپێناوی وەگیرهێنانی مەحاڵ مەرگێکە دەبێ بەدەستی خۆمان پیتەکانی بنەخشێنین،تازەش بەسەرتەلدڕەکانەوە وەك کۆمەڵە تارماییێك پەریبووینەوە بەرەو ئەو زەوییانەی کەرووپەڕێك بوون لەوەهم وتارمایی و حەقیقەت و هەمیشە رامانەدەکرد و رامانەدەکردورامانەدەکرد، بانگێك لە ناخماندا بەرزدەبۆوە، هەمان ئەو بانگە لە ژێر چەکمەی دیرۆکێکەوە هەڵدەستا خۆشمان نەماندەزانی ئەو چ بانگێکە هانمان دەدا و لولمان دەدا ، هەمیشە لە تەلانەکانەوە گلۆرمان دەکاتەوە بەرەو مەنفاکانی رۆح و سەرزەمینە نادیارەکان نەشماندەزانی ئەو هەڵەتانە تەژی ئەو وەهمە مینانەن کە لەسەدە زۆردووردوورەکانی شەڕی نێوان ئارەزوەٍ شەیتانییەکانی ئینسانەوە بۆ ئێمە مابوونەتەوە ، ئەو شەڕە توندوتیژانەی کەرۆحی تۆڵەسەندنەوە نەوە بە نەوە لەیەکیان وەردەگرتەوە و تائەو کاتەیان هێنابوو ، ئێستاش ئاسەوارەکانییان لەناو ئەو سەرزەمینە پان و بەرینەی خودادا وەهمی چەند سەدەییێکی دیکەشدەکەن ، گوتم کە سەحەری بازیداغ ئێمەی

بەجێهێشت ئەوە حاڵی ئێمە بوو لەناو ئەو سەرابستانە ، ئیدی ئەو شەنگ وتاقەتەی کە ئەو وەك ئایدیاییێکی نهێنی و موقەدەس بەئێمەی دەبەخشی بە تەواوی نەماو هەموو شتەکانمان لەبەرچاودا گۆڕا لەکەف وکوڵی مەرزە دوورەکان کەوتین بووین بە هەڵگری گەورەترین قەدەری وەڕسی هەموو بەیەکەوە وەك رەوە پۆڕێکی بریندار هاوارماندەکرد ؛ سەحەر ، سەحەری بازیداغ بگەڕێوە و جێمانمەهێڵە لەو سەرزەمینە کەرۆحی ئێمەی لەغوربەت و سامداگرتوە و ئێمەی لە تەنهایی و بێئومێدیدا غەرقی ئەزەل کردووە، هەموو بەیەکدەنگ هاوارماندەکرد ؛ سەحەر ، سەحەری بازیداغ ئاخر جارێکی دی یەکتر نابینینەوە ، رەنگە لەو سەرزەویانەدا وێل و سەرگەردانی ناو مێژوو بین وئیدی کەسمان چاومان بەکەسناکەوێتەوە ، بێ ئەوەی هەستی پێبکەین ، ئێمە هەریەك لە سەر تەختی شکاوی سنورێکەوەین ،یەکێکمان لە دوا دوای هێڵە نادیارەکاندا خەریکی گەمەکردن بوو لەگەڵ ئەو نەوڕەسانەی لە پاش نەمانی ئاودا تێنوێتی باڵی سوتاندبوون نەویدی مەرگەساتیان بەم کەونە دەدا هاوارەکانی ئەو یەکە نسکۆ و گریان بوو بۆ ئینسان، ئەو تەنها بوونەوەرەی هەرگیز لە کەینونەی خۆی ناگات و هەمیشە بەرەو مەرگی خۆی رادەکات بێ ئەوەی پەی پێببات، یەکێکمان لە باکور ئەویتر لە باشور ئیدی پەرش وبڵاوی دونیا بووبووین هەمیشە هاوارمان دەکرد، ئەوکاتەی کەئێمە لەدوا هاوارەکانی خۆمانبووین سەحەر لەودیوی تێلدڕەکانەوە ونبووبوو، تەنها تۆزی هەنگاوەکانی بوو کە بەرچاوی ئێمەی لێڵدەکرد یادەوەریەکانی دەخستە ناو کتێبی لەبیرچوونەوە ، بەرۆشتنی سەحەر و ماڵاواییکردنی لەئێمە کەچەند کەساتێکی خودان خولیاو ئارەزوێکی وەهمەنداز بووین، تەواو دەرونمان تاساو دڵتوندبووین ، هەموو شتەکانمان لەبەرچاو گۆڕاو توشی جۆرێك لەنائومێدی و بێئومێدی بووین کەمرۆڤی دەخوارد هیچشتێ ئەوەندەی نائومێدی تیزابکارنییە، هەموو گیانمان لە خاکوخۆڵی نمناکی ئەو سەرزەویە سیحراویەدا شەلاڵی مەرگێکی کپ بووبوو مەرگێ بەسەر پەنجەکانمانەوە سەمای بۆ دەکردین و ئێمەشی لەگەڵ خۆیدا دەخستە سەمای مەرگەوە، ئەو سەرزەویانە شوێنێك بوون ئەفسانەیی بەر لەخەلیقە، جگە

لەئێمە کەچەندکەسـانێکی بەرلـەهاتنمان تـەژی خولیـاو ئـارەزووی دەسـتگیرکردنی ڕەهایی بووین و هەریەکەمان بەتەمای وەدیهێنانی ئاواتێ بووین هیچکەسێکی دیکـە پێی بـەم شـوێنە نەکـەوتبوو ،هـەندێجار وامانبۆبەدیاردەکـەوت، کەئەمزەویانـە لەشوێنێکی بەرزی نێوان خاك و ئاسمـاندان ، نـەژێرەوەیان دیـاربوو نەسـەرەوەیان ،تەواو ئێمە لەمیانی زەویو ئاسماندا وەك چەند کوتەلێکی خـەمگینٍ هەلۆاسـرابووین وهەمیشـە هاوارمـان دەکـردو رامـاندەکردٍ ، پێمـانوابوو ئـەمـە چۆلـترین و بێنـازترین زەوی خودایەو لەسنورو قەلەمڕەوی‌خولقان و بووندانییە ، کەس پەی‌پێنـەبردوون ، وەك ئەوە وا بوو کە لە ناو لیتاوی بادا ئاسێ بوو بین و هەر چەند تەکانمان بە خـۆ دەدا جولەیـەکمان پـێ نـەدەکرا، قەمـەری موتـاب کەهەمیشـە وەك سـێبەری سـەحەروابوو و بـەدرێژایی زیندەگـی خۆی‌سـاتێك لەسـەحەر دوور نەکـەوتبۆوەو ئەوڕۆژەش کەسەحەری‌بازیداغ پایدۆزی لێکردین بۆماوەی یەکهەفتـە متـەقی لـەدەم نەهاتەدەرەوە و وەك بارانی بەهار فرمێسـکی بۆهەلدەڕشـت ، گریانەکـەی قەمـەری موتاب کۆمەلە ئاوازێکی هێجگار خەمگین بوون، سەربهوردی هـەموو سـەرەتاکانی دەگێڕایـەوە، دیمـەنی ڕێگـا دورەکـان و زریانەبـەهێزەکانی مێـژووی نێشـاندەدا، گولالەی هەلوەریوی ئنیسانی پەڕپەڕ کۆ دەکردەوەو لە یەخـەی ئـەو قـەدەرە نـا دیارەیدەدا، بۆیە کە ئەو دەگریا هەموو دەنگەکانی سەرزەوی و ژێر زەوی و نـاو ئاوو روبارەکان دەکوژانەوەو گریانی موتاب دەبوو بە پاشای سەر عەرشی زەمین.

کەسیش نەیدەزانی بۆچی ئەو ڕۆژە بەگـەلیا نەکـەوت وهەمیشـەش دەیگوت ؛ ئـەم سەرزەمینە وەکو وەهمێك وایە لە سنوری خـەیالدا، ئێمـەش لـەناویا حەقیقـەتێکی بزریـن ، ئێمـە ئێسـتاکێ لـە لـەتاریکاییێکی وادا گومڕابوویـن، مەحالـە جـارێکی دی بکەوینەوە سەرزەمینی، خۆمان جا ئایـا ئێمـە لـەکوێوە هـاتووین ؟ ئێمـە کۆمـەلێك دەرکراویـن لەقەلـەمڕەوی خـودادا و ناومـان لەلـەوحی ئـەودا بـەئاگر سـڕاوەتەوە، ئـەوەیش کـە بـەئاگر نـاوی دەسـڕێتەوە بـەدرێژایی ژیـانی ئـاگر نابینێتـەوەو لـەناو زەمهەریری تەنهایی‌دا تەمەنی خۆی دەخواتەوە ، ئەمە زۆر سـەختە ( بـادام قـەلی ) زۆر زۆر سـەختە مەگـەر مـەرگ لـەم سـەختەندازە ڕزگارمـان بکـات ، تـازە تاکـە

رزگارکەری ئێمە مەرگە مەرگ ، قەمەری موتاب ناوە وەك شێت بڵێم چی لەشێت زۆر خراتر رایدەکرد و هاواری دەکرد ، سەحەر سەحەری بازیداغ ئەوئاوە بۆهەڵدەرێژی ؟ ئەوە ئاوی ژیانە.. ئاوی‌بەردەوامبەخشی نەسلەکانە، ئێمە هەموومان تێنومانە تۆ ئەو ئاوە بۆ هەڵدەڕێژیتە سەر ئەو هەموو وەهمەوە؟ تۆ پیاوێکی چەند دڵرەقی سەحەر سەحەری بازیداغ .. ئەوە ئاوی حیکمەتە گەورەکانە ئاخر لە پای چییە ئەو حیکمەتانە کە دڵۆپ دڵۆپ لە هەموو کونج و کەلەبەرەکانی سەر ئەو زەمینە کۆت کردوونەتەوە ئاوا بێ رەحمانە هەڵدەڕێژیتە سەر ئەم زەمینە کافورە؟

قەمەری موتابٍ زۆرجار باسی سەحەری دەکردو بەشێوەیێکی هێندە سحرامێز باسی ئەو سەحەرەی‌دەکرد کەوەك ئەوە وابوو یەکێك نەبێ لەناو ئێمە ، بەڵکو وەکو پەڵە بروسکێ بووبێت لەجەستەی ئێمەماناندا ،ٍ جارێکیان هەر لەباسی سەحەردا گێڕایەوە، کە لەکاروانێکی گەورەی پەڕینەوە و بەزاندنی سنورەکاندا لافاو و وەیشومەیێکی هێجگار ترسناك وەك ئەوەی کەقەدەر هەموو توڕەیی خۆی کۆکردبێتە سەریانەوە بایەکان هێندە دژواربوون مرۆڤیان وەلادەناو لەلیتاوی مێژوی خەیاڵیان هەڵدەکێشان و تێکەڵی رەگوڕیشە دوورەکانی سروشتی دەکردن،ساتەوەختێکی چەند دژوار بوو، خوداوەندەکان دوای شکستی رۆحی خۆیان لە بەرابەر ئەو تەونە جوانانەی ئێمە دەمانچنی خۆیان هاتبوونە شەری ئێمەوە، ئێمەیێکی ساویلکە کە پێمان وا بوو ئاگری هەموو شەڕەکان دەکوژێنینەوە. ئەوکاتە باری‌دەرونی ئەو کاروانچیانە کەپڕبوون لەقاچاغچی و شاعیرو کوتاڵفرۆش و رەزەوان و ماسیگرو وەرزشوانو مامۆستاو داشقەچی‌و کتیبفرۆش، ئاوەها شپرزە بووبوو لەم شەوەزەنگەدا چاو چاوی نەدەدی، هەریەك بەلایەکدادەچوو هەورەتریشقە رۆحی ئینسانی هەڵدەپاچی ، ئەوکاتە سەحەری بازیداغ جلی داکەندو لەبەرابەر هەورەتریشقە و بروسکەدا وەك کەسێ کە لەناو بوومەلەرزەکانی مێژوودا هاتبێتەوە وەستاو بازوی بەپیرۆزە نەخشێنراوی خۆی کردەوە، هەرچی بروسکەبوو لەسەرمۆری بازویدا وەك زێڕ شەوقی دەدایەوەو

هەرهاواریدەکرد و هاواریدەکرد هاوارەکانی سەحەر وەك هاواری سادە نەبوو، بەڵکو هاوارێك بوو لە درزە دور دوورەکانی کەونەوە هەڵدەستاو دۆلاودۆل و چیا بە چیا دەهات سروەتی سروشتی لەگەڵ خۆیدا دەگۆڕی و سەرسامی خەڵق دەکرد، وەك ئەوەوابوو کەئەومۆرەکوتراوەی سەربازوی کەبەلای ئەوەوە رەمزی رەهایی بوو، ئیسفەنجێ بیۆ باران و هەورەتریشقەو وەیشومەو بروسکە هەڵمژێ و بەهەمان ئەو بازوە حوکمی قەدەر بکات ، وردەوردە لەبەرابەر ئەوتراژیدیایە ئاسمانیە لەجولە دەکەوت ولە هاواریش بەردەوامدەبوو ،هاوارێك وەك شوشەوابوو هەمووسترانەکانی گریانی تێدا دەبریقایەوە دەتگوت هاوارێکە لەناوقوولایی دیرۆکەوە هەڵدەستێ، بازوی خۆی کەوەك قەدی درەختێکی کۆنەساڵ وابوو راگرتبوو تائەوکاتەی وادیاریدا کەهەرچی هەبوو هەڵیمژیوەتە ناو مۆری کوتراوی سەربازوی خۆی و دونیا لەیەکساتدا هێور بۆوە و تەژی پەڕەسێلکە بوو،خودایە ئەو هەموو پەڕەسێلکەیە لەکوێوە هاتن؟ بۆماوەی شەوو رۆژێ سەحەری بازیداغ چاوی نەکردەوە ..قەمەری موتاب کەئەو قسانەی دەگێڕایەوە خۆشی وەك سەحەر کەوتبوە جۆش و خرۆشەوە دەیگوت ئەو سەرزەمینە کە ئێستا ئێمەیش واین بەسەریەوە هەمان ئەو وەیشومەو هەورەتریشقەیە ساتێکەو ئێمەی بەیەکجاری لەنایا ووندەبین، بادام قەلی کەگوێی لەقسەکانی قەمەری موتاب دەگرت دەتگوت بۆتە تاشەبەردێ لەلێواری زێیە گەورەکانی دونیادا ،ئەو زێیانەی کە دوای نەفی بوونمان هەمیشە خەونمان پێیانەوە دەدی و هەمیشە لە پشتیانەوە، چاومان لە سەر زەمینی منداڵی خۆمان بوو، هەمیشە بەسەر درەختە بەرزەکانەوە گۆرانیمان بۆ دەگوت و فرمێسکمان تیکەڵ بادەکرد. کەقەمەر لەقسەکانی خۆی دەبۆوە بادام قەلی قسەیدەکردو قسەکانیشی وەکئەوە وابوو کەبەرد لەدەمیا بکەوێتە سەرزەوییەوە، کەبەرزەوی دەکەوتن وردوخاشدەبوون بروسکیان لێهەڵدەستا ، ئێمە هەندێجار وامانبیردەکردەوە کەبادام قەلی کوڕی بەردەو لەتەباری بەردستانە ، وەك بەرد هەڵدەخزی و گلۆردەبۆوە نێو دۆڵ و زەنگەکان، وەك بەرد تەڕدەبوو نوقمی دەریاکاندەبوو، وەك بەردی بنی گۆمیشێ لووسدەبوو ،ئاکارێکی ئاوەها بەردینی

هـەبوو لەبەرابـەریا هەسـتت بەبـەردبوون دەکـرد، هـەزاران هــەزارجار دەمانبیسـت کەقەمەری موتاب دەیوت؛ بەشەرەفم بەشەرەفم ئەمکوڕە بەردە، کـوڕە بـە سـەری سەحەری بازیداغ بادام قەلی بەردە، ئەگـەریش باوەڕناکـەن فـەرمون بـا بیشـکێنین، بەراسـتیش بـادام قـەلی هـەروابوو کــەدڵی شــکابا وەکـو بــەرد دەشــکاو هــەرگیز بەیەکنەدەنووسایەوە،لەگەڵئەوەش مرۆڤێکی ژین بەردین بوو ، بەڵام لە ناو شـورەی بەردینی جەسـتەی خۆیدا خوێنێکی پـڕ لـە حـەنین و ئەشقی هـەلگرتبوو زۆرجـار دەیگووت ؛ مرۆڤ لەم تونێلە تاریکەدا نازانم چ رووناکییێکی دیـوە هێنـدە عـەودالی بینینەوەی وجودی هەیە، ئاخر مەگـەر ئێمـە وجودێکـی شـکاوی بـەردین ؟ مەگـەر ئێمە بۆئەوە دورسـتنەبووین کەهەمیشـە بـەرد دورسـتکەین و بـەرد ببینـین و چیـا لەبەرد دورست بکەین و جەستە بەردینیەکان لە سـەریەك دابنێـین و ناومـان لەسـەر بەردەکان بنوسین؟ مەگەر ئێمە حەقیقەتی ئەم بەردستانە نین؟ ئەوەشتان پێ بڵێم کـاتێ کەسـەحەری بـازیداغ ئێمـەی جێهێشــت تاکـە کەسـێ کـەئاوڕی لێدایـەوەو بۆماوەییێك سەیری چاوەکانی کرد بادام قەلی بـوو، ئـەوان هەمیشـە بـە چـاو لەگـەڵ یەکتری قسەیاندەکردو بەچاو نەخشەیان دادەڕشت و بەچاویش جێبـەجێیاندە،کرد ئــەو دیالۆگــەی ئــەوان بــەچاو ئــەنجامیان دەدا تائێســتا هیــچ زمــانێ دەرینەبڕیوە،هیچکەسێ لەقسەی ئەوان نەدەگەیشت و هەر بەچاویش بەدوای یـەکتر دەکەوتن، شوفرەی ئەوان شوفرەی دەرەوەی زەمانبوو، قەمەری موتــاب سـوێندی دەخوارد کەئەو بەچاوی خۆی پڕوشەی ئاگری بەیەککەوتنی تەماشای ئەوانی دیوە، سوێندی دەخوارد کەجارێکیان کەوتبوونە کەمینــەوە بەپڕوشـەی ئاگرینیتەماشـای خۆیانەوە ئەلقەی کەمینیان شکاندوەو بۆ دووردوور پەڕیونەتەوە، من خۆم زۆر چاك دەزانم بۆ سەحەری بازیداغ لە پای چی و لە سۆنگەی چ مرازێکەوە سـەریهەلگرت رۆیشت و ئێمەی لەم بەردستانە خەمبارو دڵتەزێنەدا جێهێشت؟ من دەزانم سەحەری بازیداغ چاوەکانی ئەوەندەی ئاگرهەڵپرژێنیبڕستی لەبەربڕابوو، پێتان بڵێم ئـەوەیان تاکـە نهێنییێکـە کەقـەت بەکەسـم نـەگوتووە ، بـەدرێژایی چـل سـاڵە پاراسـتومە، و بۆکەسم نەدرکاندوە و تەنانەت بادام قەلیش نازانێ کە بەوتیشـکانەوە چـۆن چـۆنـی

خۆی لەگەڵ سەحەردا گرێدابوو ، ئەوەبوو سەحەری بازیداغ چاوی بە کچێ کەوتبوو ئیدی دڵی لەسینەدا نەمابوو، هەرچەند سەفەری دووری دەکردبۆ خاتری ئەو کچە بوو دەگەڕایەوە ئەو شوێنە، سوێندتان بۆدەخۆم کەمن عاشقی وام لەدونیادا نەبینیوە، زۆرجاران من ئاگام لێبوو بەڵێ بەڵێ من ئاگام لێبوو بەتایبەت لەسەفەرە دوورەکان، لەبەرخۆ دەگریا، فرمێسکی خۆی دەشاردەوە..دەگریاو دەگریاو دەگریا وەکو منداڵێ کەشیری لەبەربڕابێ ،دەگریاو دەگریا گریانی ئەو لە تەبەقە زۆر دورەکانی ژێر زەویەوە دەهات بۆنی تەنهایی و غوربەتی لێدەهات ،بەڵام هیچکەس جگەلەمن نەیدەزانی بۆدەگری؟ کاتێ کەسەحەری بازیداغ دەگریا ڕێگەوبانەکان پڕدەبوون لە پەڕەسێلکە،سوێندتان بۆدەخۆم بەچاوی خۆم بینیومە لەکاتی گریانی سەحەری بازیداغدا رووبار وەستاوەو سەبەت سەبەت ئەستێرە رژاون، ئای لەو گریانە، من هەرگیز گریانی وامنەدیوە هێندە بەسۆز کەف و کوڵ، کەلەدواسەفەرماندا دەگەڕاینەوە سەحەری بازیداغ گوتی ؛بادەم قەلی ئەی پیرە هاورێم ئەمجارە گەربچینەوە ئیدی بۆ سەفەرێ دەچین، بۆ شوێنە هەرەدوورەکانی دونیا،شوێنە نەبینراوەکانی کەون،ئەو شوێنانەی مرۆڤ غەرقی ئەماندەکات و لەناو سەرسامیدا دەیهاڕێ، هەرگیز ناگەڕێینەوە، هەرگیز یەکتری نابینینەوەو هەمومان وەکو کوێر پەرشوبڵاوی سەرزەمینێ دەبین کەلە دەرەوەی قەڵەمڕەوی خودادایە، ئێستێش کە سەحەری بازیداغ ئێمەی لەنێو ئەمدۆزەخە جێهێشت، مندەزانم چووە چاوەکانی بدا بەم کچە بە قسەی خۆی ئەو کچەی کە ئەو عاشقیەتی ، لە تەباری پەریەکانەوە پەڕیوەتە ناو خێڵی ئێنسان، بەرلەوەی بە کوێری وێڵی ئەم سەرزەمینانە بێت،دەیەوێت بچێ پێی بڵێ ؛ گوڵەکەم تازە کوانێ من دەتوانم بەتیشکی چاوەکانم کەمینان بشکێنم و سنوران بڕەتێنم؟ ئاخر تازە من چۆن دەتوانم رووبارکان راگرم و بانگی پەڕسێلکەکان بکەم،تۆهەموویت لەمن سەندەوە تۆ منت وەك زریان داگیر کردووە یۆتۆپیاکانی زەینی منت ویران کرد. قەمەری موتاب هەرلەدوای ئەوەی کەئێمەی جێهێشتبوو ئیدی هەمیشە لەنێو داخ و خەفەتێکی ئاگراویدا چیرۆك لەدوای چیرۆکی دەگێڕایەوە ژیلەمۆکانی ناخی پەرشی

ناوخەرمانـەی رۆحمـاندەکرد، تەنانـەت سـەحەری‌بازیداغ هێنـــدە ئامـــادەیی لـــەناو جەستەو خوێنی قەمـــەری موتـابدا هـەبوو، زۆرجـاران لەبـەرەخۆ لەگـەڵ ٍسـەحەردا قسەی دەکرد،زۆرانبازی لەگـــەڵدا دەکـرد وەکئـەوەی لەتـەکیابێت ، جارێکیـان وەك ئەوەی سەحەر لەبەرابەریابیٚ هاواری کرد ؛ نەخێر نەخێر نەخێر تۆ خۆت دەزانــی چ تەمتومانێکت ناوەتەوە بۆیە خـۆت لێدەبیٚ بـە چـەندانیٚ ، دەورو پشـتت هـەمووی لێدەبیٚ بـەتارمایی، تـا ئـەو شمشـێرەی سـەر گـەردنم هەڵنـەگریت و نەیخەیتـــەوە بەرکەمەرت و تا ئەو تورەیـی و رق و قینـەت هەڵنەکێشـیەوە نـاو هـەناوت،تـا ئـەو دڵۆپە خوێنە سوورانەی کەرژاونەتە سەر ئەو فریزە سەوزە نەلێسیتەوە، تـا ئـەو هاوارەی کە کە راتدا کۆنەکەیتەوە، تا ئەو ئەسپەت لەحیلەو کورژن نەخەیت و خۆتهەڵنەدەیتـە سـەر زینـەوە تـا چـەند هـەنگاویٚ لـەمن دوور نەکەویتـــەوە و بەدەنگێکی گریان ئامێز لێم نەپاڕێیتەوە، تا بەدەیانجار مەمنونی ئەوە نەبیت کـە من داوای ئەو کارانەت لێدەکەم و سەدانجار نەتگوت ئـای چیـم بـەخۆم کـرد کـە بـۆ ساتێك تەنها ساتێکی کورت و لەنکاو ئەو مرۆڤەم خستە بەر شـالاوی خوێـن بـەری چاو گرتنی خۆمەوە، ئەوە هەرگیز ناگەیتە ئەو نهێنیەی کە بێهودە دەتەویٚ بـەمنی

بدرکێنی ، من بێباکم هەر چیت لە دەست دیٚ بیکە بەڵام بڕواناکەم هێندە نێر بیت بیٚ ئەو نهێنیە بتوانیت بۆ ساتێك بژیت، ئاخر ئەو نهێنییەی کە هەرگیز بە تـۆی ناڵێم بەندە بە رۆژ بە رۆژو سات بە ساتی خوێن جمانی تۆوە، لە هێندێکیـان دەبـی بە میراتگری هەموو زێڕ و خشڵی ئەم تایەفە، لە هێندێکیشیان دەبی بـە گـەداییکی هیـچ نـەدیو و هـەندیٚ جـاریش ئەفسـوس تـاجی ئـەقڵت پێدەبەخشـن، ئیـدی هـەر حـەرفێکی ئـەم نهێنییـە سـیحرێکی بۆتـۆ هـەڵگرتوە، هـەر سـیحرێکی ئـەو پیتانـە هەزاران ئەفسوس دەیان زەردەخەنـەو گریـانی لـە خۆگرتـووە، ئـاخر تـۆ بـەوەی کەجێتهێشتین کارێکی واتنەکردوە تازە بتوانی وەك مـرۆڤ بژیـت، یـاخود بتوانیـت هەڵگری ئەوە نهێنیە چەکبکەیت، هەر بۆیەش چاکتروایە دەست هەڵبگریت چونکـە تۆ ئەگەر لە ژیانیشدا بمێنیت دەبیٚ حسێبی ئەوە بکەیت کە مردویت، بەڵام مردنــی مرۆڤێکی وەکو تۆ لەدەست چوونێکی کوشندەیە نەك لەبەر ئەوەی تۆ مرۆڤێکی

هێنده به مەفای نا نا برالە تۆ ئەوه نیت چونکه لەدوا ساتەکانی تاریکیدا جێتهێشتین، مرۆڤایەتی دەخوازی تۆ تا ئەبەد بەم دەردەوە بنالّی.

باشه من هەرگیز ئەو نهێنیەت بۆ نادرکێنم خۆ ئەگەر ئەو نهێنیەت بۆ بدرکێنم ئەوه من بەتالّ دەبم و هیچ پەیوەندییەکم بە ژیانەوە نامینێ و تۆش بۆتا هەتا کالّەك بە ئەژنۆ دەشکێنی و دەلّێ ی بریا بە بریاداران ئەو نهێنیەم نەزانیبا، بۆ تۆ لە هەر دوو رووداو گرفتاری و مالّوێرانییە بۆ جارێکی دیکەش پێت دەلّێم تا ئەو شمشێرەی سەر گەردنم هەلّنەگریت و نەیخەیتەوە بەرکەمەرت تا ئەو تورەییو رق و قینەت هەلّنەکێشیتەوە ناو هەناوت و تا ئەو خوێنە سوورانەی دلّۆپ دلّۆپ رژاونەتە سەر ئەو فریزە سەوزە نەلێسیتەوە، تا ئەو هاوارەی کەراتدا کۆنەکەیتەوە ،تا ئەو ئەسپەت لە حیلەو کورژن نەخەیت و خۆت هەلّنەدەیتە سەر زینەوە، تا چەند هەنگاوێ لە من دوور نەکەویتەوە و بەدەنگێکی بەزر و گریانئامێزەوە لێم نەپارێیتەوە تا بە دەیانجار مەمنونی ئەوە نەبیت کە من داوای ئەم کارانەت لێدەکەم و سەدانجار نەتگوت ئای من چیم بە خۆم کرد، ئەوە هەرگیزئەو نهێنیەت بۆ نادرکێنم چونکه ئێستا من و تۆ وەك یەك واین ئەوەشت پێ بلّێم هەتا ئەگەر هەمان ئەو کارانەی من پێت دەلّێم ئەنجامیش بدەی ئەوە من نهێنیەکەت بۆ نادرکێنم، تۆ پێویستت بەمنە و منیش پێویستم بە تۆیە تۆ پێویستت بەوەیە نهێنیەکەت بۆ بدرکێنم منیش پێویستم بەوەیە بۆتی نەدرکێنم.

– ئاخر هەر دەبێ بیدرکێنی

+ ئاخرنایدرکێنم

– نا دەبێ بیدرکێنی

+ نەخێر نایدرکێنم

– چۆن نایدرکێنی

+ نایدرکێنم و تەواو

– ئاخر نەیدرکێنی من دەتکوژم

+ ئاخر بیدرکێنم تۆ خۆت دەکوژی

دەزانی من بەوەی کە  بۆتی نادرکێنم زۆر شتم بۆ درکـاندوی بـەڵام تـۆ کـەودەنی و دوای ئەوەی کەرۆیشتی بیچمت لە بیچمی بەراز دەچێ تێناگـەی، تێنەگەیشـتنی تـۆ بەشێکی گەورەی مانەوەی ئەو ژیانەتە، بڕوا بکە ئەگەر ئاوا کەودەنی نەبوای ئێستا لە مێژبوو نەمابووی، هەر چەندە مانەوەشت  بـەم حاڵـەوە زۆر خراتـرە لـە مردنـت، بۆیـە  هـەرچی زووە رێگـەی خـۆت بگـرە ئـەگینا هـەر ئێسـتا درکـاندنم دەکـەم بـە کوشندەترین چەکی کپ بۆ کوشتنت

– نا توخوا مەیدرکێنە

+ سا بەخوا دەیدرکێنم

–توخودا مەیدرکێنە

+ ناتوانم نەیدرکێنم

–ئاخر بیدرکێنی من دەتکوژم

ئاخر نەیدرکێنم تۆ کوژراوی

ئا ئێستێکە بۆم بەدیار کەوت کە ئەو نهێنیە چییـە، ئێسـتێکە هـەموو شـتێ ئاشـکرا بوو

–چی ئاشکرا بوو

+ نهێنیەکە ئا نهێنیەکە

+ نهێنی چی؟

– ئەو نهێنیەی دەتەوێ بیدرکێنم

+ کام نهێنی ؟

– ئەوەی دەڵێی بیدرکێنم

+ باشە بیدرکێنە

–نەخێر نایدرکێنم

دەزانی ئەگەر بیدرکێنم دەست بە گریان و پاڕانەوە دەکەیت کـە بتکـوژم و هـەرزوو لە سەر زەویت بسڕمەوە، ئێستا هەڵبژێرە بیدرکێنـم یـا نـەیدرکێنم؟ زووکـە وەڵامـم

بدەرەوە ئەگینا   ئەوەش بزانە بەڕاستی لە قازانجت دایە، جا دەتوانی  لە میانی کوشتن و درکاندندا سەرپشك بیت

– بم بم  . بمکودرکێنە" بیدرکوژێنە" دەی دەی

+ چی دەی دەی ؟ کامیان یەکەمجار ؟بیدرکێنم هەوەڵ جار یا بتکوژم؟

– هەوەڵ جار بیدرهەوەلکوژێنە" نانا بمکوژ هەوەڵ درێنە"

+ چی دەی دەی

– ئێ هەوەڵ درمکوژە" کوژەدرەم" درم هەوەڵ" کوژم هەوەڵ

کابرا شمشێرەکەی بەسەر گەردنی هەڵدەگرێ و بەم لاو بەملادادێ و رادەکا و خۆی لە خۆڵو لم وەردەدات هاوار دەکات و لە کابرا بە دوور دەکەوێتەوە، ئەوەی یەکەم هاوار دەکات راکە راکە دەوەللا من خۆم بووم خۆم  . ئەویش هەر بەدەم راکردنەوە هاوار دەکات نەخێر من بووم نانا من بووم

دووبارە لە یەك بەنزیك دەکەونەوە یەکانگیر دەبنەوە بۆ ماوەیێکی دوورو درێژ سەیری یەکتر دەکەن

– تۆ بووی کەواتە ها؟

+ کەواتە تۆ بووی؟

شمشێرەکەی دەردەهێنێ و بەهەموو هێزێکیەوە رایدەوەشێنێ بەڵام  لە بۆشایی دا دەزرەنگێتەوەو لە قوڵایی لێکدانەوەکانی خۆی دەترازێ و لە فۆبیای خۆی دەکەوێ و جگە لە خۆی هیچ کەسێکی دیکەی نەبینێ  . شمشێرەکەی بە کەمەریەوە هەڵواسی و لە بەرزاییێکەوە رووەو ئاسۆ ئاوا بوو هاواری دەکرد..سەحەر سەحەر

سەحەری بازیداغ کە ئێمەت بە جێ هێشت  ئێمە تازە بە تازە باسمان لە سەفەرە دوور درێژەکان دەکردەوە و ئەو سەفەرانەی  لەوەتەی  هەین  لە سنورێکەوە بۆ سنورێك و لە گۆڕستانێکەوە بۆ گۆڕستانێ و لە کەمینێکەوە بۆ کەمینێ نەخشەی بۆ دەکێشین. دوای چەند شەوو رۆژێکی خەمگین ..خەمگینترین شەو رۆژی دونیا

ئەو شەوو رۆژانەی نە لە ناو بازنەی فەلەك  دا بوون و نە لە ناو بازنەی خودا، بادام قەلی وەك بەردێکی بریندار بەسەرلێواری گەورەترین زێی دونیا کەوتە قسەو

قسەکانیشی وەك ئەوە وابوو کەمەرجانی بەردی لـەدەم بێتـە دەر گووتـی، سـەحەر ئـای سـەحەری بـازیداغ ئـەوە دوا سـەفەر بـوو دوا سـەفەر ،کـە خـۆت پێـت گوتـین دەچینـە سـەفەرێکەوە کـە ئیـدی هـەموومان وەك چـەند کوێـرێ پـەرش وبـڵاوی سەرزەمینەکانی دونیـا دەبـین کارەسـاتێکی هیجگـار سـەختە پیـاو کوێـر بـێ و دونیاش ببینێ ئەو کوێرانە چـەند بەختـەوەرن کـە دونیـا نـابینن، هـەرگیز دۆزەخ نابینن . بەڵام بەدبەخترین مرۆڤ ئەوەیە کوێر بێ و دونیاش ببینێ ، ئەوە ئیمەین ئێمە، کە ئەو قسانەی دەکرد بەسەر بەردێکەوە دانیشتبوو خـەریکی داتاشـینی کـە ڤرێ بوو، ناوە ناوە گوێی خۆی هەڵدەخستە سەر بەردێکەوەو دەیگوت مرۆڤ تەنها لە ڕێگەی بەردەوە دەتوانێ لە هەموو دونیـا بگـات و دەزانـێ چـی ڕوودەدات؟ لـەم سەرزەمینە دا بەرد تاقانەترین خەلقەندەی خودایـە، نهێنیـەکانی دونیـا لـەناو دڵـی بەردەکاندایە، دەبێ بزانن هەر بەردە و ڕازێکی پێیـە، بـەرد بـە نرخـترین گەوهـەری سەر زەویە، باوەڕ بکەن بەرد ئەو زێڕەیە تەواوی دونیا بەدوایدا دەگەڕێ و هـەرگیز کەس نایناسێ، باوکم کە مابوو هەمیشە دەیگوت ئەگەر بۆ هەر شوێنێ بچن بـەردی تیا بێ ئەوە ئەو شوێنە گەورەترین گۆڕستان بووە هەمیشەش دەبێتـەوە گۆڕسـتان دەیگوت بە قووڵی بۆنی بەرد بکەن، بەرد،بەرد،بەرد، ئای لە خـۆم بـەردێ، چونکـە بۆنـی گۆڕسـتانە گـەورەکانی مێژوشـی لێـدێ ئـاخر سـەحەر تۆجێـت هێشـتین و ئێسـتاکە لەگـەڵ کێـدا باسـی ڕوبـارو گۆڕسـتانە گــەورەکان و دارسـتانە چڕەکـان بکەین..لەگەڵ کێدا باسی تاشە بەردە گەورەکانی بنی دەریا و ئەو سـنورانە بکـەین کە هێند دوورن هێند دوورن هەرگیز مرۆڤ نایانگاتێ ئێمە بە تەما بووین بچیینە دوورترین سنورەکانی دونیا دوورترین ئەو سنوورانەی تەنها لـەناو یۆتۆبیـادا هـەن بچینە ناو قوڵایی قوڵترین دەریا ئای سـەحەر ، ئـەوە چ خـەون و خولیایـەك بـوو ئێمەی بە یەکەوە گرێدا بوو؟ تۆ ڕۆیشتی و بێ ڕەحمانە ئێمـەت لـە قـەباوەکاندا جێهێشت ، دەشێ ئێستاکە تۆ کوێرێ بیت و لە سنوورە دورەکانی دونیادا بە دوای خوادا بگەڕێ ی .. ئـا دەزانم سـەحەر سـەحەری بـازیداغ تـۆ زۆر جـار دەتگـوت مرۆڤ هەتا سنورە دوور دورەکـان و دەریایـە گـەورە گـەورەکان و دارسـتانە چڕو

فراوانەکانی دونیا تەی نەکات ناگاتە گەوهەری خودا، تۆ دڵێکت هەبوو هەمووی خەڵوەت بوو بۆ لێکدانەوە، تۆ هەمیشە لەگەڵ ئەستێرەکاندا قسەت دەکرد و لاشانێکت پڕی بوو لە پەرەسێلکە تۆ لایەکی جەستەت پەرەسێلکەیە بوو ئەوەی تر گەڕان و سوڕان و کەمین شکاندن و لافاو گرتن و عەشقە، سەحەر سەحەری بازیداغ دڵەکەم تۆ ئێستا بە کوێری لە کام سەر زەمینی دونیا دەسورێیتەوە ؟ کە ئەم قسانەشی دەکرد هێشتاکە گوێ ی خۆی لە سەر تاشە بەردەکانەوە هەڵنەگرتبوو وەك ئەوە وابوو کە لەگەڵ سەحەر دا قسە بکات، ئەو دەم وەك کەسێ وا بوو کە لە ناو غەیبستانەوە قسە لەگەڵ با بکات و کائیتنە غەریبەکانی ئەستێرەکانی دیکە بدوێنێ

قەمەری موتابیش لەو سەرەوە وەك پاڵەوانێکی بەزیوو و وەك سەرلەشکرێکی شکست خواردوو چاوی خۆی داگرتبوو بیری لەو رۆژانە دەکردەوە کە بە سەر باڵی پەپولەی خەیاڵەوە مەرزە دوورەکانی دەبڕی جارێکیان لە دوورترین لێوارەکانی دونیادا دەکەوێتە ناو تەڵەییێکی گەورەی تارماییەکان و ئەو تارماییانەی ئەو لە لە منداڵیتی خۆیدا زۆر جاران خەونی پێوە دەبینن و کە بەیانیان لە خەو هەڵدەستا دەوروبەری پردەبوون لە ئاسەواریان و هەمیشە دایکی رستێك پیرۆزەی دوعا لێخوێنراوی بە شانیەوە شەتەك دەدان و هەمیشەش منداڵەکان ئەو رستە پیرۆزەیان هەڵدەپچراندو هەر دەنکەی بەلایەکدا پەرش و بڵاو دەبۆوە و ئەم دونیایە پردە بوو لە شینی سامالٚ، ئەو دەم ئەو مۆروانەی هێندە بە جوانی و پڕ لە رووناکایی دەهاتنەوە بەر چاو کە هەرگیز پێ ی وا بوو جوانی ئاوا لە ناو کەوندا نیە ورده ورده فرمێسکەکانی هەڵدەڕشت، ئەو دەیزانی (بادام قەلی) باس لە چ دەکات و چ حەکایەتێکی ئاگراوی دەگێڕێتەوە، ئەو شەوەی کە نەهامەتی و ئابلۆقە دەورەی داین و وەك گەڵای دار هەڵدەوەرین سەحەری بازیداغ بەو هەموو سیحرو کەرامەت و ئازایەتی خۆیەوە هاواری دەکرد و دەنیاڵاند ناڵینی سەحەر شوفرەی ئاخاوتن بوو دەگەڵ قەدەر ،هاواری ناوەوەی ئینسان بوو، بە بەرچاویەوە ئازیزەکانی لە خوێن دەگەوزان و کەسێ نەبوو قومێ ئاو بە سەر

دەمیانا بکات و هەر بە خۆیان و چاوە گەشەکانیان دەیانڕوانیە سەحەر و سەحەریش وەك هەڵۆیێکی بریندار بەسەر تاشەو تاوێرو تەل و تەلبەندەکانا وەك ئەو ئاسکە رایدە کرد کە بە دوای کەڵی سەر کردە کە بە سەر کەڤرێکی گەورەوە ئەو دەمی شەو راشکابوو، ئیدی هەر ئەو راوچیانە بوون، بەرامەی نەرمووکی ران و تەنکەی گەردن غەرقی مەرگێکی تووشی کردن، ئەویش هەمیشە چاوی رەشی وەك بازنەیەکی ئەبەنووسی و گلێنەیەکی گەش وەك مانگ کە بالأنومای چەندین هەزار رووداوی ناو دیرۆکن، بڕیبووە ئەوتەمانەی لوتکەکانی تێکەڵی هەور کردبوون، ئەو دەمانەی کە وەك کەڵێکی باڵابەرزی خورت و پڕ لە شکۆ هاودەمی ترۆپك و یاڵەکان بوو، رۆژانە بەسەر لوتکەیەکی بەرزەوە دەوەستاو سەیری تاوێر تاوێر و چیا چیا و کەنار کەناری دەکرد، چ حەددێکیان هەبوو ئەو خۆی لەگەڵ بازو هەڵۆیانیش بەراورد نەدەکرد، رۆژانێك بوو کە خوێنی دەمارو شالوولەکانی وەك تاڤگەیەکی یاقووتی بازرەقەیان دەداو چاوی راوچیانی دەشکاندو شەرمەزاری دەکردن، گەلە گەلە کەڵەکێوییەکان سەریان لە دوی دەناو بۆ هەر لایەك کوتەکی بەفری شکاندبا ئەوان بۆ ئەملا دەخرۆشان، ئەو رێبەری تەژی لە هێماو هیمەتی رەوەبوو، چەندین نەوەی رەوە رەوەو گەلە گەلە بە رێ کردبوو و بەریهەڵدابوونە کێوانەوەو فێری قودرەت و عەشقی ئەبەدی کردبوون، تەنانەت نووسکەو بڕمییەکەشیانی دەناسییەوە لەم سەری کێوەوە بۆ ئەو سەری کێو هەرجارەی نووسکەیەك یا کورژن و پڕمەیەکی کەڵەکێویانی بیستبا، مووە زەردو جوانەکانی وەك ئارمووش زیك دەبوونەوەو بڕستیان دەدا بەرو تاوی دەداو بەهانایانەوە دەچوو، لە دایك بەرەحم تر بوو، زۆرجاران بە نێوەندی دامێنەکانەوە، بەئەنقەست دەوەستاو دیقەتی دەدایێ، کە ئاخۆ کام ئەو کەڵەکێویانە زاتی ئەوە دەکەن، بۆخۆیان وەسەرکێو بکەون و چنگەڕنێ لەگەڵ کەڤرزناری چیایان بکەن، یا پێشی ئەو بگەنە ترۆپك، بەڵام هەمیشە و هەمیشە لەگەڵ وچانی ئەودا تەواوی رەوەی کەڵەکێویان دەوەستان و هەر هەموویان بەچاوی رەشی ئەبەنووسیانەوە سەیری جەستەی پڕ لە هێزو بڕستی ئەویان دەکرد، ئەوێکیش بە درێژایی ژیانی هەرکێوگەڕ بووەو

هەزاران هــەزار شـاخ و هەڵـەمووتی بڕیبـوو و لـە هەرشـاخێکا سـەربهوردی هـەزاران راونان و رەدوونانی راوچیانی لە یادی پڕ شکۆی خۆی نـەخش کردبـوو، ئـەوێك کـە بەدەیان و بەسەدان جار لە ترکزەی مــەرگ گەڕاوەتـەوەو زۆرجـاران لولاقـە زراڤ و قەمیشییەکانی لــە بـەفری کۆسـاران تـەزیوەو زریـانی نـاوەخت هەناسـەی بڕیـوە و کەوڵەپێستی لەبەر دڕیوەو بێ باکانە سینەی پڕ لـە عەشـقی خـۆی لـەتاوێرە بـەردو تەڕایی و نمناکی کەناران هەڵخسـتووە. ئـەو شـاخە جـوان و رەگ رەگانـەی تـەوقی سەری ئاسەواری سەدان هەزار هەڵزنان و قۆچانێ و درزو شکستی پێـوە دیـار بـوو، کەس بەقەد ئەو هورژمــی ترسـی نـەدیوەو کـەچی لـەجێوەش نـەجمیوەو کەسـیش بەقەد چاوە خڕو جوانــەکانی ئـەو سێرەی ساونەداوەو بەقـەد قـاچی ئـەو تـەلان و هەورازی لەبن پێی نەڕماوە، بـەڵام هێشـتاکەش هـەر سـەردارو رابـەری بـێ نـەزیری رەوەی خۆی بوو. پیرەکـەڵ گـەلێ جـاران لەبـەر نمەنمـەی بـارانی پـاییزاندا بەسـەر عەرشی لوتکەوە دەوەستاو چـاوی دەدایـە ئـەو چیـا هـەزار بەهـەزارو گەلیەشـاخی قووڵ و ئەو خەرەندانەوە کـە زۆر جـاران راوچیـان بـێ رەحمانـە ناچاریـان کـردووە قووڵاییان ببڕێت و بـەو قاچـە زەردو جوانانەیـەوە کـە لـە قامیشـەڵانی ئاواییـەکانی بەهەشت دەچوون تەوای ئەو جەستە خەنەیی و ئەرخەوانییەی بپەڕێنێتەوە ئەوبەر، بـەڵام ئـەو لـە نـاخی خۆیـدا هـەرگیز لـە راوچیـانی نـەدەگرت، حوکمـی سروشـــتەو گێرمەکێشە دەبێ لە ئارادا بێ، پیرەکەڵ زۆر راوچی وەك منی پێکابوو، گەلێ جاران درەختی لە سووتان بینی بـوو، بـەڵام رێـی سـەختی لـە ئەشـکی چـاوی دەبـڕی و دەچۆوە سەرەخۆشی عاشقان.

نیوەشەوێکی رەش رەش بوو، لە چاوی ئەو پیرەکەڵە رەشتر بوو کـە بەقـەد بـەردو تاوێرەکان تارمایی مەترسی و حەسرەتی لــە هـەناوی خـۆی نـابوو، بـاران بەلـەنگاز دەهاتە خوارەوە، شریخەی برووسکەو گرمەی هەور نــەویدی کارەسـات و ترسـناکی بوون، رەوەی کەڵەکێویان، لە قووڵایی خەرەندەوە رووەو لوتکە هەزار بەهەزارەکان سـەردەکەوتن جـار جـارە جەسـتە زەردو جوانـەکانی کەڵـەکێویان، لـەژێر رونـــاهی بروسکە پڕ لە تاووتینەکانیاندا وەك یاقووت دەدرەوشانەوە، درەوشانەوەیەك گیانی

ترسی دەسمی و ئاوەدانی دەخستە رۆحی پڕ لە جونب و جۆشیانەوەو دنیایان نقومی تیشکی زێڕکفت دەکرد، پیرەکەڵی رابەرو پێشەنگی هەلۆیان هەمدیس گرەو بەرەوەی کاروان بوو، بێ باکانە چنگەڕنێی دەگەڵ دژوارترین تەلان و سەختەندازان دەکرد، رەوەی کەڵەکێویان باوەکو لەبەر شەستە بارانی ئاسمان دەپەنگانەوە، بەڵام هەرگیز هەناسەی وچانیان نەدەدایە بەرخۆو هەمیشە هەوڵیان دەدا بگەنەوە سەرقافڵەی موورادی خۆیان و بێ ئەمەکی نەنوێنن، نەبادا لەبەر دڵ و دیدی پیرەکەڵدا وەك نەوەیەکی بێ دەسەڵات بێنە بەرچاو.

لەناکاو نووسکەو کورڕنە کەڵێکی هێند بەسفت و سۆ، ئەو ناوەی هەژاند کە قەدەمی ناسك و جوانی تەواوی رەوەی خستە لەرزەو لە بن سای یەك بروسکەدا درەوشانەوەی پێستی زەردو جوانیان ئەو ناوەی غەرقی شەوقێکی ئەبەدی کرد، خودایە ئەوە چ رابوونێك بوو، چ سیحرێك بوو لەم کەونە بەرینەدا جێگۆڕکێی بە زنارەکان کرد؟

پیرەکەڵ هێندەی یادو یادەوەری لە دەروونیدا ئەمبارکردبوو، لە هەرساتێکی بەرێکەوتنا تووشی تایەکی ئەفسووناوی دەبوو و هەرکاتەی دایدەگرت ئیدی رێگەی تووش و تەلان و کەڤرو گاشەبەردی زل و دارستانی چڕو پڕ لە سام یاخود بەردەڵان و پێچی توونـاوتوون و دامێنی رك بۆ ئەو وجودی نەدەبوو، هەرگیز نەدەهاتنە بەرچاویەوە. هەمیشە لە بیری ئەو یادەوەرییانە دەبوو، تەنانەت کە بەسەر تەلانێکەوە دەچوو، بە یادی دەیان هەزارجار هەڵزنانییەوە، بەرز دەبۆوەو بێ ئەوەی خۆی لە ئاگای ئەوەدابێ کەوا رێگەی توونـاوتوون پەی دەکات. ئەو زریکەو کورژنەی هەر بە خاتریترووسکە یادێك بوو کە تا دەمرێ وەك نەخشێکی ئاورین بەسەر زەین و هۆشیدا دەمینێ و هەرگیز لەبیر ناچنەوە..

ساڵانێکی دووربوو کە لە ژێرەوەی یادەوەرییەکان دەیتریواند، بەفر چەندین بەژن ئەو کێو و لوتکانەی تەژی کرد بوو لە ئەدگاری خۆی، کەڵەکێویان تا کونە ئەشکەوتێکیان دەدۆزییەوە دەبوایە چەندین شەو لەبەر تریفەی مانگەشەودا سیحرو جوانی خۆیان بدەن بە سروشت و سروشت بکەن بە تریفەستان، ئەو رۆژانە بۆ

ئەوان هەم ئاهەنگی یا خۆشی مەست بە شنەی چیابوو، هەم سەرکێشی بوو لە ناو هەوەسێکی شێتانەدا، لە ساتێکدا کە وەك کۆمەڵە کیژێکی جوان بە جەستەی سرك و تەونی جوانی پێستیان لەبەر تریفەی مانگەشەودا کە زەمین و ئاسمان لەبەر بەفر سپی دەچوونەوە، خۆیان رووت و قووت کردبۆوەو هەریەکە بە یادێك پڕ لە تولانەوەو کۆنە برینی دێرینەوە رووی لە لوتکەیەك کردبوو، راوچیان هاتن کە لە هێرشی گورگ دەچوون، شریخەی چەك و زرمەی تیرەکانیان لە شەبەیخوونێکی وادا بۆ ئەوان مایەی سەرسامی و کرێشمە بوو.. ئەگەرچی پیرەکەڵ بە درێژایی ئەو هەموو سالانە ئولفەتی بەوان گرتبوو، هەربۆیە لەبەردەم هەمووانەوە وەك دارکاژێکی بە هێزی بەر رەشەبا وەستا بوو، تیرەکانیش وەك بارانی بەهار لە دەوروبەریا دەنیشتنەوە، بەڵام ئەو هەر لەبەر تای گەرمی یادەوەرییەکاندا بە هەردوو چاوە رەش و جوانەکانییەوە سەیری سیمای راوچیانی دەکرد و بە سیحری ئەو چاوانەوە دەست و چۆکی پێ شل دەکردن، بۆ ئەو ئەمە یەکەمین جار نەبوو، بەڵکو هەزار هەزار جاری دیکەش شەبەیخوونی ئاوای دیبوو، بیری لەوە دەکردەوە چی بکات تا رەوەکەی خۆی لە مەرگی حەتمی ئەو مەرگ فرۆشانە نەجات بدات، هەربۆیە وەك برووسکە تاویداو پەڕییە ناویانەوەو لە چاوترووکانێکدا تەواوی راوچیانی پەرش و بڵاوکردەوەو هەموویانی خستە ناو جادوی پڕ لە ئەزموونی خۆیەوە، ئەوانیش لەبەر سەرسامی و ترس و هێدمی خۆیان، هەموویان سەریان لە دووی پیرەکەڵ نا، لەژێر تریفەی مانگەشەوداو بەسەر فەرشی بەفرچنی ئەو کێوانەدا لەچاو ون بوون، پیرەکەڵ شارەزاو پڕ ئەزموون بوو، دەیزانی بۆ کوێ دەچێ و کام رێ سەخت و دژوارەو کام رێگە دەشتایی و لێڕەوارە، کام رێگەش بێ ناشارەزایی چۆن چۆنی دەبێتە تەڵەمەرگ. بۆیە چاوی تیژی بڕیبووە ئەو رێیەی کە بە خەرەندێکەوە بن بەست بوو و بەفریش مەرزی داپۆشیبوو، یەك هەنگاوی هەڵە شۆڕی دەکاتەوە بناری خەرەندو هەڕوون بەهەڕووونی دەکات، هەربۆیەش راوچییەکانی لەدوای خۆیدا چاو هەڵەداو هەر رایدەکرد، تا گەیشتە سنووری ئەو مەرگستانەو راوچیانیش بی باکانە بەدوایدا رایاندەکردو نقومی ئومیدی هەلقرچانی

ئەو گۆشتە جوانەی رانی پیرەکەڵ بووبوون و ئاگایان لەهیچ نەمابوو.. لە ناکاوێکی هێندە خێرادا، پیرەکەڵ بە پێچەوانەی راکردنی خێرای ئەوانەوەو لەسەر سنووری خەرەندی مەرگدا هەڵبەزییەوەو بەرزبۆوە، ئیدی هەر راوچی بوون و لەبەر خێرایی و پەلەی چێژیان لەو گۆشتە زیندووەدا خۆیان پێ رانەگیرایەوەو هەڵدێران و بەفری خەرەند قووتی دان. لەملاوەش وردە وردە پیرەکەڵ، بە چاوانی تەژی لە فرمێسکی یاقووتی و سینەیەکی لێوان لێو لە خەفەت و دڵێکی سەرشار لە حەسرەت و خۆی و باخێك لە ئولفەتی راوچیان بەرەو لای رەوە دەگەڕایەوە، کە گەیشتەوە رەوە هێشتاکەش لەناو سەرسامی خۆیاندا مەلەیان دەکردو لمووزیان کردبووە تریفەی مانگ، هەموو کەوتنە جوولەو هەڵسانەوە، دووبارە بەدوای پێشەنگدا رووەو لووتکە سەر لە هەورەکان کەوتنەوە رێ. بەیان تازە ئەنگوتبوو.. پیرەکەڵ لە ترۆپکی لووتکەدا وەستابوو، هەمدیس غەرقی یادەوەرییەکانی ساڵانی پێشووی خۆی بوو بوو، بەڵام ئەم وەستانەی پیرەکەڵ هەمان وەستانی جارانی نەبوو، چونکە بەرلەوەی رەوەی کەڵەکێویان بگەنەوە پێشەنگی خۆیان، پیرەکەڵ بۆ تا ئەبەد چاوی لێك نابوو، رایدەکرد و رایدەکردوهاواری دەکرد؛ بادام قەلی لە کوێیت؟ بادام قەلیش ئەو کات برینێکی قووڵ کەوتبووە پشتیەوەو بەدەم ناڵینەوە لە سەرخۆ هاواری دەکرد؛ بەردەکان بەردەکان، بەردەکان بۆنکە ئێستا کاتی ئەوەیە هانا بۆ ئەوبەردانە ببەین ئەو بەردانە پڕن لەگڕ وبورکان، بیهاوێژە ئەوسا دەزانی لە هاویشتندا روناکایی بەدەست دەگریت، ئەو بەردزارە قوتارمان دەکات تۆ هەمیشە بەردەکان بۆنکە با گۆڕستانەکانمان وەبیربێتەوە کە یەکێکیان لە باکورەو ئەویتر لە باشور، یەکێکیان لە رۆژهەڵاتەو ئەویتر لە خۆراوا سەحەر سەحەری بازیداغ ئەو بەردانە سەنگەرن سەنگەر، زرێن و داڵدەت دەدەن، مێژووی دەم بەقفل داخراوی هەزار ساڵەی ئێمەن تەنها هاویشتن کلیلیانە، بەردەکان بۆنبکەو گۆییان بۆ رادێرە ،هەموو شتێکت بۆ دەگێڕنەوە تۆمارێکن لە رابردووی سڕاوەی ئێمە و نەخشەیەکن بۆ ئایندە.. سەحەریش هەر ئەوەندە بوو سەری شۆر دەکردەوە سەر بەردەکان و ئیدی دەکەوتە قسە لەگەڵ بەردەکان و هێندە لەگەڵ

ئەو بەردانە خەریك بوو، ئەو كاتەی سەری هەڵبری لەمێژ بوو ئابلۆقەكە ڕەتێنرا بوو، با دام قەلیش هێندەی خوێن لیّ چۆڕا بوو تەواوی كەڤرو بەردەكانی ڕەنگاو ڕەنگ كردبوو، كاتیّ تیشكی خۆرەتاو دەكەوتە سەر ئەو پەڵە خوێنانەوە دونیا دەبوو بە شەبەنگ و دەبوو بە جوگرافیای سروت و روناكایی، روناكایی ئەو قەد و قامەتانەی بە پێوە دەچوونە ناو شانازیەكان و هەریە پێوەش دەچوونە ناو قوڵایی مەرگ، قەمەری موتاب ئەوەی دەزانی و دەیزانی لە پای چییە هێندە باوەڕی بە بەرد هەیە، ئەو هەمیشە وەكو بەرد كپ و بێدنگ بوو، وەكو بەرد لە بەر گەمای ئەو سەرزەمینە نادیار و بیّ سنورەدا داغ دەبوو وەكو بەردیش لە ژێر تاڤگەی بە خوڕی كارساتەكان تەمۆخی خۆی فڕێدەداو دەبوو بەپۆلاّبەرد، ئەو كاتەی قەمەری موتاب گویّ ی لە هاواری نسكۆئامێزی بادام قەلی گرتبوو بڕستی لیّ داگیر كرد بوو. ئەوەی وەبیر هاتەوە كە چۆن سەحەری بازیداغ شەوێكیان لە ژێر تیشكی مانگەشەودا وەك كەلێكی بریندارى كۆسكەوتە كە كەوتبێتە بنارێكی هێجگار قووڵە وە گۆرانی بۆ ئەو كچە دەگوت؛ سەراپای ژیانی ئەوی داگرتبوو .. تۆ بۆ من روونـاكی بەڵام ئاخ قەدەری منە لە روناكاییدا بمرم . پاشان چۆن سەر هەڵگەڕایە سەر تاشە بەردێكی گەورە و خۆی هاوێشتە ناو ئەو كانیەی كە لە نێو ترسناكترین بەردەلاّنی زل زل و درەختی گەورە و ژێر گەوەڕی شاخیّ بوو كەتەنهاترین شوێنی ئەفسانەیی دونیا بوو، كە ئەو كات تیشكی مانگەشەو لەو كانیەی دەداو دونیا دەبوو بە ئاوێنە سەحەری بازیداغ ئەوەندە بەم شەوە درەنگە لە ناو ئاودا مایەوەو بەردەوامیش گۆرانی دەگوت بە شێوەییّ دەنگی گۆرانیەكانی هێندە لە سیحر دەچوون پێت وا بوو ئەو ناوە پڕی بووە لە پەڕەسێلكە.. مانگە شەویش لە ناو چاوە بچوكەكانیان شەوقی دەدایەوە بە هەزاران هەزار تیشك بە جولەوە تێكەل یەكتر دەبوون و دونیا پر بوو بوو لەو كچەی كە ئەوە خۆشیدەویست تا دەهات شێوەی ئەو كچانە زۆر دەبوون ئەو سەر زەمینە پر بووبوون لە شێوەی پەریگرتەی ئەو كچانەی سەر درەخت و بان هەورەكان و نێوان ئەستێرەكان و سەر رووی مانگ، تا دەهات دونیا غەرقی ئەو

کچانە دەبوو بەرزایی چیاکان و دۆڵەکان ، دامێن و کانیەکان هەر هەموو لە شەبەیخونی ئەو کچانەدا کەوتبوونە سەما. هەمووی بوو بوونە ئەو کچە، سوێندتان بۆ دەخۆم ئەوەی کە دەیلێم من بە هەر دوو چاوی خۆم بینیم کە چۆن دونیا بەو کچانە داپۆشرا کەون بووبە یەکپارچە جوانی، هەتا رووناکایی مانگیشیان داپۆشی و ئەستێرە و هەورو ئاسمانیشیان داپۆشی بە شێوەیێك دوونیا غەرقی سێبەر بوو ،سێبەرێك تەنها لەبەرزەخدا دەبینرا، ئەو کاتە هێندە درەنگی شەو بوو بەوە رانەگەیشتم بزانم سەحەری بازیداغ لە ناو کانیەکەدا چۆن شەلاڵی خەیاڵاتی ئەم کچە بووە و خەوم لێکەوت ،خەوێك لە هەزار ساڵ دەچوو، لەوێ گەڕامەوە ئەو ئەشکەوتە پاکانەی کە بۆیەکەم جار مرۆڤ بە پاکی لە دەرەگاکانیانەوە هاتبوونە دەرەوەو هێشتا هیچ دڵێ زوڵمەتی تێنەکەوتبوو،کە بەیانی بەراکردن بەرەو لای کانیەکە بوومەوە تازە سەحەر لە ئاوەکە هاتبووە دەرەوەو هێشتا هەموو گیانی تەڕ بوو بەڵام دونیا هەمووی بووبوو بە بەرد؛ خودایە خودایە ئەو هەموو بەردە جوانانە لە کوێوە هاتوون؟ هەموو بەیەکەوە بریقەیان دەدایەوەو هەریەکە لە ناو کەرنەڤاڵی رەنگێکدا منیان دەدواند، ئەوسا زانیم ئەو بەردانە هەموویان تەرمی کچەکانی دولێ ئەفسوناوی شەون، ئەوشەوە خوێنئامێزەی هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە تاقانەترین شەوی ناو فەلەکی ئەمکەونە، تەواوی جەستەی سەحەریش ببوو بە زیپکەی عەشق و تای خۆشەویستی، ئەو کات هەستم بەوە دەکرد کە سەحەر مەسیحێکەو لەدوا ساتەکانی لە چوار مێخەدانی تووشی ئەو عەشقەراستەقینەیە هاتووە و دڵی پڕبووە لەوەسوەسە. قەمەری موتاب غەرقی ئەو خەیاڵاتانە بوو بوو کە دەنگێ لە دورەوە دەهات، ئەو دەنگە زۆر بە گوێی موتاب دا ئاشنا بوو دەنگێ کە هێندێ جار قەمەری دەبردەوە ناو گەڕەکەکانی مناڵی و هەندێ جا لولی دەدایە ناشەوەزەنگەکانی عومری هەندێ جاریش دەبیردەوە نێو رەحمی دایك کە رەمزی گەڕانەوە بوو بۆ ناو رەحمی خاك ئەو خاکەی ئەوێ دەمی سەحەر لە بۆنوبەرامەیا مەست بوو بوو . هەندێ جار لە تەکیەوە بوو دەیتوانی وەك باقەبێنێ بیگرێتە باوەش و هەندێ جار ئەوەندە دوور بوو دەتگوت لە دوورترین قوڵایی تەبەقەکانی

زەویەوە دێت . ئەو دەنگە بەردەوام بوو ئیدی لە نێو ئەو سەر زەمینەی کە سەحەری بازیداغ ئەوانی بە جێهێشتبوو جگە لەو دەنگە هیچی دیکە نەدەبیسترا بادام قەلی لە نێو کاسەی ئەم دەنگەدا مەست بوو بوو، لە بەردێکەوە بۆ بەردێ رایدەکرد ولە تاشەیێکەوە بۆ تاشەیێ دەچوو و گوێ ی خۆی بە سەریا هەڵدەخست، بەلاّم ئەفسوس هەر جارەی کە بۆ تاشە بەردێ دەچوو دەنگەکە لە تاشەیێکی دیکەوە بەرز دەبۆوە، تاوای لێهات بادام قەلی ئەوەندە لەو ناوە دوور کەوتبوەوە کە ئەویش وەك تاشەبەردێ دیاری دەداو هەموویان سوێندیان دەخوارد ئەو بادام قەلیە ئیدی بۆتە بەرد، ئەو هەمیشە دوور دەکەوتەوە و لە بەردێکەوە بۆ بەردێ، لە تاشەیێکەوە بۆ تاشەیێ ، ئەو رۆژە زەمەن لەو ناوەدا نەما بوو، من وا تێدەگەیشتم کە ئێمە لە دەرەوەی زەمەن و لە دەرەوەی کەون گەمانەکانی خۆمادەکرد، تەنها ترین کۆمەلە ئینسانێ بووین کە قەدەری گەڕان بە دوای خولیاو ئارەزوەکانمان ئێمەی هەڵدا بووە نێو ئەو سەر زەمینە، ئەویش قەدەری بە بەرد بوونی مرۆڤ بوو، هەبوون لە نەزەری ئێمەدا ئەوە بوو کە دەبێ بەرەو بەرد بچێ و لەوێ یاساکانی خۆی پەرش وبلاّوی سەر زەمین بکات و بیسەلمێنێ کە بەرد بەر لە زەمەن هەبووە و گەورەترین پرسیار بووە بۆ خوداوەندەکان و ئالۆزترین پێکهاتەی شیمیایی بووە، بۆیە بەرد نەچاوی دراوەتێ و نە دڵ و نە رۆحی دراوەتێ و بەلاّم گەورەترین قورسایی لە سەر زەمین بەو بڕاوە و ئەگەر ئەو بەردە زلانە نەبوان ئاو دونیای لە خنکان غەرق دەکرد و ئاگر هەمیشە بەردەوام دەبوو، خۆلیش هەموو فەزاکانی دادەپۆشی و ئەم سەدیمە لە خوداوەندەکان وون دەبوو، ئەو رۆژە بادام قەلی هێندە بە دوای ئەو دەنگەدا رایکرد بوو کە بەر لەوەی تۆپی سوری ئاسۆ بکەوێتە لێواری زەوی گەڕایەوە، چاوەکانی نووریان لێ هەڵدەچوو ، دەستەکانی نوریان لێ هەڵدەچوو . هێندە هیلاك بوو بوو دەتگوت لە شەڕێکەوە دەگەڕێتەوە کە بێهودەترین شەڕی ئینسان بێ ، بە سەر کەڤرێکەوە روو لە ئاسۆ دانیشت و دایە پڕمەی گریان، گریانێ لە گرینی مرۆڤ نەدەچوو، تەنها لە گریانی سەحەری بازیداغ دەچوو ،کاتێ بە چاوەکانی خۆی دولبەرەکەی خۆی سووتاند، شەو داهات

و بادام قەلی هەر لە گریان نەکەوت بەیانی هات هەر لە گریان نەکەوت، هەربە خاتری ئەویش هەموو لە پرمەی گریانیان دەدا ،تا لە دواجارا دەنگی گریانی ئەم کۆمەڵە دەرکراوەی سەر ئەو زەمینە وێران و نادیارە کە ئێستاش دەیلێمەوە لە دەرەوەی زمین و لە دەرەوەی کەوندا بوو ، بارانێکی توند هەڵیکرد و هەرگیز بارانی وامان نەدیبوو ، هەموو ئێمەی خستە سەما سەمایێك کە هەرگیز سەمای وا بەلەزەتمان نەکردبوو هەرگیزیش نەماندیبوو، سەمامان کرد هێندە لە بەر ئەو بارانە سەمامان کرد، تا لە پەل وپۆ کەوتین تەنها ئەو کاتە بێداربووینەوە کە بارانەکە نەما بوو و بادام قەلیش بەسەر تاشەبەردەکەوە بە هەزاران بەردی گەورە بچووکی بە دەوری خۆی کۆکردبۆوە و هەر بە ناو ئەو بەردانەوە راکشا بوو چاوی بڕیبوە جێی ئاسۆ . بەڵام نەئاسۆ دیار بوو نە جارێکی تریش بادام قەلیمان بە زیندوەیی بینیەوە.ئای چ ساتێکی بەسام بوو ؟

ئەو رۆژەی کە بادام قەلی لە نێو ئەو دیمەنەدا ئەویش بوو بە تاشەبەردێك لەو تا شەبەردانە، خەمگینێکی هیجگار تۆخ رۆحی ئێمەی داگرت بە شێوەیەك کە ئێمە دڵتەنگترین خەلقەندەی سەر زەوی بووین، بیٚ ئومێدترین جولەی کەون بووین و بە ناویەکا وەکو مەڕی گورك دیتە دەسوڕاینەوە کەسمان بەری پیٚ ی خۆمان نەدەدیت ،مەرگی بادام قەلی زۆر زۆر قورس تر بوو لە مالآویی کردنی سەحەری بازیداغ چونکە ئەو بوو دەیتوانی ورەییێکی بەردین بە رۆحی ئێمەدا بکات ئەو بوو لە ناخۆشترین ساتە ژەهراویەکاندا بە کاسەیێی بەرد مەستی دەکردین و بە تاشە بەردی شکاو دڵی شکاوی ئێمەی سارێژ دەکرد ئێمە دڵشکاوترین بەشەربووین، هەر لەگەڵ مردنی بادام قەلی قەمەری موتاب ئەو بڕست و هێزەی جارانی، ئەو هەموو حیکاتە گەورانەی کەبۆیدەگێڕاینەوە، ئەو هەموو پەڕینەوە بە سەر ئەوە تیلدڕ و تەلبەندانەی نەمان و ئەوەیش وەکو بادام قەلی هەمیشە سەیری دوو دووری دەکرد، بە چاو لەگەڵ کائینە دورەکان قسەی دەکرد، بەردی دەدواند، سەیری ئەو کۆمەڵە ئینسانەی دەکرد کە قەدەر ئەوانی لە خۆیدا بەند کردوەو نەرایاندەگریٚ و بەرهەڵلآیان دەکات ،وای بە جێهیشتوون کە لە ناو نائومێدی خۆیاندا وەك درەختی

بێ ئاو ووشك هەڵگەڕێن و هەر بە پێوە ڕۆحیان دەربچێ، ئیدی جارێکی دی گوێمان لە هاواری پر مانـاو مـەفای بـادام قـەلی نـەبۆوە، و قەمـەری موتـابیش جـارێکی دی هیچی بۆ نەگێڕاینەوە، جا لە بەر ئەوەی ئێمە جگە لە رابردوو هیچ شتێکمان نـە لـە ئێستا و نە لـە داهـاتوودا هـەبوو، هـەموو رابردووەکانمـان لـە نـاو زەیـنی خۆمـاندا زیندوو دەکردەوە بۆیە ئێمـە بـە حیکایەتـەکانی قەمـەری موتـاب دەژیـاین . تاکـە چەکێ بوو کە پێیەوە شەڕمان لەگەڵ قەدەر دەکـرد.تاکـە کتێـبێ بـوو بـە درێژایـی مێژوو لە ئێمەیان شاردبۆوە، کتێبێ بوو لە ئاگر بەڵام ئەفسوس خامۆشیان کردبـوو تا بە درێژایی بوونمان لە ئایندەدا همیشە بێ ئەو کتێبـە بـین تاکـە ئـاوازێ بـوو کـە ئێمەی لە ناو بەهاری خۆیدا سر دەکرد و بـەو شـەرابە کونینەیـەوە بـوو کـە ئێمـە هەمیشـە مەسـت بووین و بەمەسـتی دەمردین و بەمەسـتی بـەردەوام دەبوویـن و بەمەستی ئاگاهیمان لە خۆمان لولدا بوو تاقانەترن پۆلیەی ناو ئاگردانی ئێمە بوو لە ناو شەوە ساردەکانی ژیاندا، هیچیەك لە ئێمە لەو سەفەرەی کە سەحەر گوتبـووی ئـەوە دوا سـەفەرەو ئیـدی هەریەکـەمان قـەدەرێ هەڵماندەلوشـێ و پـەرش وبڵاوی دونیا دەبین و وەکو ئاژەڵە گەورەو زەبەلاحەکانی دونیا تۆمان دەبرێتـەوەو بـەڵێ هیچمان وەکو خۆمان نەمابووین تووشـی بـەد گۆرانێکـی سـەیر بـوو بووین،مـن وام خەیاڵ دەکردەوە کە ئەوەش حەقیقەت بـوو هەریـەك لـە ئێمـە تووشـی گـەورەترین کارەسات بوو بوو ،لە سۆنگەی ئەوەی کـە هـەندێ لـە نهێنیـەکانی کـەون بـە ئێمـە براببـوو، زۆر جـاران رابردومـان دەبیـنی و دەگەڕاینـەوە نـاو گەڕەکـەکانیو لـەناو ماڵەکانی رابردوودا سەرلەنوێ گەورەدەبووین اەناو رابردوودا خەیاڵمان لەدژی سنور و تەلبـەندەکان گـەورە دەکـرد و لـە نـاو رابـردوودا تووشـی بۆسـە و کـەمین دەبووینەوە ئەم نهێنیە زۆر خەتەرناك بوو بەراسـتیش خەتەرناکـە مـرۆڤ بتوانـێ بچێتەو ناو رابردوو وەکو جاران دەست بە ژیان بکاتەوە، ئێمە بوو بووینـە خـاوەنی کۆمەلێك نهێنی تەنانەت کەسانێ لە ناو ئێمە دەیتوانی قوڵایـی زەوی و تەبەقـەکانی ژێـرەوەی زەوی ببیـنێ، کەسـانێ هـەبوون هـەموو دەنگێکیـان دەبیست، کەسـانێ هەبوون چەندین سەعات و سەعات دەچوونە ناو ئـایندەوو لـەوێ خۆیـان و کۆمـەڵێ

شتی تازه و غەریب  دەهاتنەوە  . بەڵام هەمیشە کە دەگەڕانەوە کۆمەڵـە بـەردێکی ڕەنگاو ڕەنگیان پێبوو کە ببووبە ئایدیای موقەددەسی ئەوان
لە هەموویان  سـەیرتر ئـەوە بـوو کـە قەمـەری موتـاب هەنگاویـە هـەنگاو سـەحەری بازیداغی دەبینی و دەیزانی ئیستێکە لـە کـام سـنورە و چـۆن ڕێدەکـا ؟ئیـدی ئـەو نهێنیانەی ئێمە دەستمان لێ گیربوو بـوو، مایـەی هێنـدەی دیکـەی کارەسـات بـوو، بەڵام ئەو ڕۆژەی کە بادام قەلی نەما قەمەری  موتـاب هـەتا هـێز و بڕسـتی ئەوەشـی نەمابوو کە سەیری غەیبانیەتی سەحەری بازیداغیش بکات تا ئەو ڕۆژەی لە کاتێکدا بەتەك پاشماوە بەردی جەستەی بادامدا دەڕۆیشت ئـاوڕێکی دا بـۆوە و بـادام قـەلی بانگی کردبوو   ئای قەمەری موتاب کە سەحەر گەڕایەوە ئەو بەردانەی مـن لـە بـیر نەکەن و لەگەڵ خۆتانا لە سنورەکانم  بگێرن قەمـەری موتـاب    قەمـەری موتـاب پاشان  جگە لە فەزای بەردرێژکراو  هیچی تر نابینێ ئەو ڕۆژە هێندە بـە کـوڵ گریـا بوو، فرمێسکەکانی وەك چەند ڕشتەوردیلە  بەردێ دەهاتــە خـوارەوە ، هـەر چـەند هەنگاوێ لەو دوورترهە ناسـە ئـاخێکی هەلکێشـاکە دونیـای غـەرقی خـەمناکی کـرد ئەویش خزایە ناو بەردەڵانەکان و  تێکەڵ بە بەردەکان بوو وەك تاشـە بـەردێکی زل پارچە  پارچە  بوو بوو، تا دەهـات کـەم دەبووینـەوە لەکەمبوونـەوەشمانا سـنوری ژمارەکان بوونی نەبوو، هەتا ئەو ڕۆژەی کە هێندە بـە نـاو ئـەو سـەرزەمینە پـڕ لـە نهێنیە سوڕابووینەوە ئیدی لە شـێوەی مـرۆڤ چووبووینـە دەرەوە و بووبوویـن بـە کۆمەلی ڕابردووی بەردین سویندتان بۆ دەخۆم کە  سـەیری دەسـتەکانی خـۆم کـرد جگە لە دوو تاشەبەردی¯ دریژ هیچم نەدی،  ئەوکاتە زانیم من دواتەنها مروڤی ئـەم سەرزەمینەم کە پاش چەند کەمیکی دی دەبم بە بەردیك لەو بەردانەو هیچیتر.